# دنیای منداڵان

١٣٩

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا







# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

وێنەی ڕووبەرگ: سارا ئیسماعیلی

وێنەی پشتبەرگ: کۆسار شەریفیان

**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com

## وتەی ئەمجارەمان



### منداڵە خۆشەویستەکان!

بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی دنیای منداڵان هاوکاتە لەگەڵ هاتنەوەی جێژنی ٢ ی ڕێبەندان. حەتمەن دەشزانن کە ٢ ی ڕێبەندان بۆ ئێمەی کورد ڕۆژێکی زۆر زۆر گرینگە. لەو ڕۆژەدا ئێمەی کورد توانیمان بۆ یەکەمجار دەوڵەتی خۆمان هەبێ، ئاڵای خۆمان هەبێ، سەرۆککۆماری خۆمان هەبێ، دەزانن کە سەرۆک کۆمارەکەشمان کێ بوو؟؟ ئافەرین.. بەڵێ ڕاست وایە، پێشەوا قازی محەممەد. ئێمە سەرەتا بەبۆنەی ئەو ڕۆژە پیرۆزە پیرۆزبایی بە هەمووتان دەڵێین.

ئەدی منداڵان دەزانن کاتێ باسی کۆماری کوردستانو دووی ڕێبەندان دەکرێ، حەتمەن باسی منداڵانیش دەکرێ؟ دەزانن بۆ؟ چونکی لە کۆماری کوردستاندا منداڵانی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژوودا توانییان بە زمانی خۆیان بخوێنن، مامۆستاکانیان بە زمانی خۆیان بیاندوێنن، کتێبەکانیان هەموو بە زمانی کوردی بوو، باسی ژیانی خۆیان بوو.

حەتمەن دەشزانن کە ئەو ڕۆژە خۆشانە لە مێژووی ئێمەدا کەم بوون، کۆمارەکەمان بەرگەی پەلاماری دوژمنەکانمانی نەگرت، پێشەواکەمان لەدار درا، بەڵام منداڵانی ئێستا، ئێوە دەڵێم، ئەرێ ئێوە.. ئێوە هەر هەمووتان ئاواتی ئەوەتان هەیە ئەو ڕۆژانە بێنەوە. بەڵام دەزانن بە چی دێنەوە؟؟ ئافەرین، بە خوێندن، بە شێلگیریی ئێوە لە فێربوون، بە ماندوونەبوونتان....

هەر بژینو دیسان پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان....




دەزانم کە حەتمەن ناوی ناسر ڕەزازی‌تان بیستوە. ئەو گۆرانیبێژێکی ناوداری کوردە.
هونەرمدندی بە توانای گەلەکەمان ناسر لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.
ئەو لە تەمەنی ٦ ساڵی چۆتە قوتابخانەو دوای وەرگرتنی دیپلۆم بۆ ماوەیەکی کورت بۆتە مامۆستای قوتابخانەو لە یەکێک لە گوندەکانی نێوان مەریوانو سنەدا دەرسی گوتۆتەوە.
ناسر ڕەزازی دواتر بە هۆی بەسەر داهاتنی شۆڕشی گەلانی ئێران نەیتوانیوە درێژەبە پێشەکەی بداو دواتر بەهۆی کاری سیاسی ماوەیەک خراوەتە بەندیخانەوە.
ئەو هونەرمەندە بۆ ماوەی چەند ساڵ پێشمەرگایەتیی کردووە دواتر ڕێی هەندەرانی گرتۆتە بەرو لە ئورووپا گیرساوەتەوە.
ڕەزازی تا ئێستا ٤٠ کاسێتی گۆرانی تۆمار کردووە ٤ کاسێتیشی گۆرانیو سروودی نیشتمانی هەیە.
هونەرمەند ڕەزازی زۆر بە باشی لە هەموو زاراوەکانی زمانی کوردی شارەزایەو تا ئێستاش بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەسەر فەرهەنگو مێژووو زمانی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان دەکاو لەو بارەوە ٤ کتێبی چاپو بڵاو کردۆتەوە.
ئەو لەسەر مۆسیقاو گۆرانی کوردیو کێشەو گرفتەکانی هونەرمەندان لە دەرەوەی وڵات لێکۆڵینەوەی کردووە لەو پێوەندییەدا زۆر وتارو بابەتی نووسیوە.
ئێمەش لە دنیای منداڵانەوە ئاواتی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

ئا: شیلان قوربانی‌فەر

# ئاژەڵەکانمان خۆش بوێ

ئاڵا کچێکی خنجیلانەو ژیری کۆلانەکەی ئێمەیە.

ئەو هەموو رۆژێک دەگەڵ هاورێکانی دەچێتە قوتابخانەو لەوێ بە جوانی گوێ لە مامۆستاکانی دەگرێو دوایە کە دێتەوە ماڵێ، کتێب و دەفتەرەکانی لە شوێنی خۆی دادەنێو کارەکانی بە باشی بەرێوە دەبا.

رۆژێکیان ئاڵا لە کاتی گەرانەوەی لە قوتابخانە، لەسەر رێگەی ماڵەوە دیتی بێچوە کۆترێک لە هێلانەکەی کەوتووەتە خوارێو بەنارەحەتی گمەگمێتی.

ئاڵا چاوێکی لێ کردو جێی هێشت، بەڵام پاش چەند چرکەیەک گەراوەبۆ لای بێچووە کۆترەکە.

ئاڵا بیری کردەوەو لەدڵەخۆیدا گوتی : ئەمن چ بکەم لەو بێچووە کۆترە؟

دوایە چاوی گێراو زانی کە بێچووە کۆترە جوانەکە لە هێلانەکەیرا کەوتوەتە خوارێو ناتوانێ بچێتەوە جێی خۆی. دایکیشی دیار نیە تا بیباتەوە.

ئاڵا نەیدەزانی چ بکا؟ هێلانەی کۆترەکە زۆر بەرز بوو، دەستی نەدەگەیشتێ تا بیخاتەوە سەر هێلانەکەی. دڵیشی نەدەهات بەجێی بێلێ، بۆیە زۆر بەئارامی هەڵی گرت. ئاڵا ویستی بێتەوە ماڵی کەبینی کەسێکی لە خۆی گەورەتر لێی نیزیک دەبێتەوە، سلاوی لێ کردو داوای یارمەتی لێ کرد. ئەو پیاوەش کە دیار بوو زۆر مێهرەبان بوو بێچووە کۆترەکەی خستەوە نێو هێلانەکەی.



ئاڵا زۆری پێخۆش بوو کە توانیبووی یارمەتیی ئەو باڵندەیە بدا.

ئاڵا بەیانیەکەی کەچۆوە قوتابخانە، ئەم بەسەرهاتەی بۆ مامۆستاکەیانو هاوپۆلییەکانی گێرایەوە. مامۆستاکەیان دەسخۆشی لە ئاڵا کرد و گوتی:

منداڵە ئازیزەکان، ئاژەڵەکانیش هەر وەک مرۆڤەکان مافی ژیانیان هەیەو ئێمەی مرۆڤیش دەبێ بیانپارێزین، چونکی ژینگەی ئێمە بەبوونی ئەوانەوە جوانە.

لەو رۆژە بەدواوە هەموو قوتابییەکان برپاریان دا کە ئاژەڵەکانیان خۆش بوێو قەت ئازاریان نەدەن.

ئازاد عەباسیان

# عەلی و نەخۆشیی هەڵامەت

بەیانی کاتێک چاوە گەش‌و جوانەکانی ڕێک دەگوشیی‌و هەوڵی دەدا لەژێر پەتووەکەی بێتە دەرێ، چاوی بە دیمەنی جوانی سپی‌پۆش بوونی حەوشەی ماڵەکەیان کەوت. خێرا لەژێر پەتووەکە هەڵاتە دەرێ. دایکی کە ئەوی دی، پێی گوت: عەلی گیان دەرێ ساردە، شتی گەرم لەبەرکە.

عەلی بەبێ ئەوەی قسەیەک بکات، چووە دەرێ. لە حەوشەکە بەفر باری بوو. بەفرێکی سپی و جوان. بە دەمپایی‌و بە دەستەکانی کایەی بە بەفرەکە دەکرد. ئەوەندە دڵخۆش بوو کە بەفری دەدی‌و لەبەر ئەو خۆشیەش گوێی لە قسەکانی دایکی نەبوو. کاتێک دایکی بانگی کردەوە زۆری پێ ناخۆش بوو. دڵی پڕ بوو، خەریک بوو بگری، لیچی کردو وردە وردە فرمێسکەکانی لەچاوانڕا شۆڕبوونەوە سەر بەفرەکان.

دایکی ماچی کردو گوتی: کوڕی من خۆ ناکرێ ئاوا بێیە دەرێ، لیباسی گەرم‌و کۆت لەبەر بکەو دەستەوانەکانت لە دەست کەو بە دڵی خۆت شەڕەتۆپەڵان بکەو لەگەڵ خوشکەکەت بووکەبەفرینە دروست بکەن...

لەو قسانەدا بوون کە بابی عەلی هاتە دەرێ‌و چوو ماشێنەکەی هەڵکرد. عەلی ئاگای لێ‌بوو کە لەناکاو پشیلەیەک لە نێو ماشێنەکەڕا بە قیژە قیژەوە دەرپەڕی.

ئاخر زستانان پشیلەکان دەچنە نێو ماشێن‌و لە شوێنە گەرمو نەرمو خۆشەکانی ماشێنەکان دەخەون هەڵناستن. بابی عەلیش لەبیری چووبوو پشیلەکە دەنگ بداو لەبەر ئەوەش کاتێک ویست بووی ماشێنەکە هەڵکا، پشیلەکە بە قیژە قیژو ترسەوە هەڵاتبوو.

عەلی لەگەڵ خوشکەکەی لە حەوشەی ماڵ‌و لەپەنا داری نێو حەوشەکە خەریکی ساز کردنی بووکە بەفرینەیەکی جوان بوون. لەکاتی سازکردنی بووکە بەفرییەکەدا عەلی کۆت، شاڵ‌و دەستکێشە باشەکانی دانابوو. دایکیشی





لەبەر کاری ماڵێ، ئاگای لێنەبوو.

عەلیو خوشکی دوای دروست کردنی شێرە بەفرینەکە چوونەوە ژووری.

عەلی دەستو گووپەکانی سوور سوور هەڵگەڕابوون. قاچەکانی سڕ ببوون. دایکی پەتۆی پێداداو خێرا خێرا دەستو لاقەکانی عەلی دادەماڵیو گەرمی دەکردنەوە. بەڵام عەلی کۆڵی نەدەداو هەر دەیهەویست بچێتەوە دەرێو لەنێو بەفردا قوماران بکا، بەڵام دایکی نەیدەهێشت بچێتە دەرێ.

چەند ڕۆژ دوای ئەوە عەلی نەخۆش کەوت. ئەو سەرمای ببوو. نەیدەتوانی لە جێگاکەی هەستێ، تەنانەت نەیدەتوانی بە باشی هەناسە بدا. هەر دەپشمیو دەکۆخی، گەرووی دێشا، سەری دێشا. دایکو بابی خێرا بردیانە لای دوکتور. دوکتور پێیانی گوت: عەلی نەخۆش کەوتوەو دەبێ حەبو دەرمان بخواو ئەو دەرزییانەش لەخۆی بدا.

عەلی لە دوکتورەکەی پرسی باشە ئەمن بۆ وام لێ هاتوە؟

ئیدی دایکی وەبیری هێنایەوە کە ئەوڕۆژە لەبەفرەکەدا بێ کۆتو دەست کێش کایەی کردوەو نەخۆش کەوتووە.

عەلی ئەوجار زانی بۆچی دایکی ئەو ڕۆژە ئاوا لێی تورە ببوو.

نێعمەت مەلا



# ڕێبەندانی منداڵان

ئەورۆ دووی ڕێبەندانە
ڕۆژی جێژنی کوردانە

ڕۆژی کۆماری کوردە
ڕۆژی لاچوونی دەردە

ئەو جێژنەی وا لە زستان
بەهار هاتە کوردستان

ئەو کاتەی وا پێشەوا
کوردی هەستاند لە خەوا

ئێمە، نەوەی داهاتووین
بەو مێژوویە ڕاهاتووین
ئێمە لە سەر خاکی کورد
منالی دڵپاکی کورد

لەم ڕۆژە دا پەیمان بێ
بیرمان لای نیشتمان بێ

ڕێگەی قازی بەر نادەین
لە ڕێبازی لانادەین

پیرۆز بێ دووی ڕێبەندان
جێژنی کۆماری کوردان

خالە قازی

## ئازیزانی دنیای منداڵان! بەدڵی خۆتان ڕەنگم بکەن



# چیرۆکی مانیو کۆڵەپشتیی قوتابخانە



ئەوساڵ یەکەم ساڵی چوونە قوتابخانەی مانی بوو، هەر بۆیە زۆر زۆر خۆشحاڵ بوو.

مانی دەستی دایە کۆڵەپشتییەکەی تا کەلو پەلی قوتابخانەی بخاتە نێوی.

بەڵام دوای ماندوو بوونێکی زۆر بە تووڕەییەوە هاتە لای باوکیو گوتی: هەرچی دەکەم کتێبەکانم جێیان نابێتەوە!

باوکی بە سەرسوڕمانەوە گوتی با چاوێک لە کۆڵەپشتییەکەت بکەم بزانم چی تێدایە ئاوا پڕ بووە.

دوایە کە هەڵیڕشت دیتی تەلەفونی کایەکردن، ماشێنی قورمیشکراو، ورچە بچکۆلەکەی مانیو چەند کتێبی چیرۆکی دیکەی تێدایە کە هیچیان بۆ قوتابخانە نەدەبوون.

باوکی گوتی: ڕۆڵە خۆ تۆ ناچییە باخچەی ساوایان بۆ یاری کردن، ئەوانە هچیان بۆ قوتابخانە نابن.

مانی لەوەی کە باوکی دەڵێ نابێ ئەو کەلوپەلانە لەگەڵ خۆی ببا، تووڕە بوو. دوایە گوتی باوکە ئاخر ورچەکەم دەیەوێ بێتە قوتابخانەو دەرس بخوێنێ، تەلەیفونەکەشم دەبێ پێبێ بۆ ئەوەی پێوەندی بە دایکمەوە بکەمو کتێبی چیرۆکەکانیشم بۆیە تێهاویشتوە کە فێری خوێندنو نووسین بووم هەر لەوێ بیانخوێنمەوە.



باوکی گوتی: مانی گیان
قوتابخانە جێگەی مرۆڤی
گەورەو گرینگە، ئەتۆش ئێستا
مرۆڤێکی گەورەو گرینگی، دەبێ
دەرس بخوێنیو کاری گرینگتر
ئەنجام بدەی. ئەوانە ئی ئەو
منداڵانەن کە هێشتا کاتی چوونە
قوتابخانەیان نەهاتووە دەچنە
باخچەی ساوایان.

مانی برێکی بیر کردەوەو
گوتی: با ورچەکەم لە ماڵێ
بێ تاکوو لە قوتابخانە دێمەوە،
ئەو تەلەیفونەش خۆ زەنگ
لێنادا، ئەویش نابەم. باوکی بە
پێکەنینەوە گوتی: کتێبی چیرۆکەکانیش لە ماڵەوە بەجێ بێڵە، لە قوتابخانە دەبێ کتێبە دەرسییەکانت بخوێنی.

مانی گوتی: ئەی چی بخەمە نێو کۆڵەپشتییەکەمەوە؟

باوکی لەپێشدا کتێبە دەرسییەکانی بۆ تێهاویشت، دواتر بەرگی دەفتەرەکەی کە دڕابوو بە چەسب چاکی کردەوەو ئەویشی بۆ تێهاویشت، لیوانێک، دەسرەیەک، بەستەیەک قەڵەمی ڕەنگی، قەڵەمو پاککۆنو قەڵەمتراشی بۆ تێهاویشت. جانتاکەی مانی پڕ ببوو.

ئەو ئێستا ئامادەی چوونە قوتابخانە بوو.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: مینا سوڵتانزادە

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

**کاوە ئاهەنگەری**

منداڵەکان سڵاو! لە وانەکانی پێشوودا زۆرتر گرنگی بە وشە درابوو. جاری پێشوو شێوازەکەمان گۆڕی و دەستمان کرد بە قسە کردن. ئێتر لەوە بەولا زیاتر گرنگی دەدەین بە قسە کردنو وتووێژی کورت، هەتا هەم فێری وشەی نوێ بینو هەمیش چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتن لەم وشانە.

بۆ وانەی ئەمجارە تەوەری پرسیار لە سەر زانیاری تاکەکەسی هەڵدەبژێرین. چاو لێبکەن کە چۆن پرسیار دەکرێو مانای وشە و پرسیارەکانیش فێر بن

تاکە کەسی Personal

ئەتۆ چەندساڵی؟ How old are you?

ڕۆژی لە دایکبوونت کەیە ؟ When is your birthday?

ئایا تۆ خوشک یان برات هەیە؟ Do you have any brothers or sisters?

ئایا هیچ ئاژەڵێکت هەیە لە ماڵێ ( وەک پشیلە)؟ Do you have any pets?

کێ باشترین هاوڕێتە؟ Who is your best friend?

ئایا هیچ ئامێرێکی مۆسیقا دەژەنی؟ Do you play a musical instrument?

حەزت لە کام ڕەنگە؟ What is your favorite color?



# (باران)

خرمە خرمی پێی باران
دێ لە سەربانیماڵان
هەڵدەپەڕن دڵۆپە
وەکوو کایەی مناڵان
***
چەترەکەم هەڵدەگرم و
ڕادەکەم بۆ بەر دەرکێ
لەگەڵ دەنکی بارانە
دەست دەکەم بە هەڵپەڕکێ
***
بەپرتاو دێنە خوارێ
سەردەدەن بە گۆلاوا
تۆقلە هەڵدەتۆقێن و
ڕادەکەن بەسەر ئاوا
***
بارانە هەر دەبارێ و
دەدرێ لە تۆقلە ئاوان
فوودانەیان دەتۆقێ
ئاوی لێڵی گۆلاوان

مۆسیقای نەرمی باران
هەوای سەوزی ژیانە
بۆ تووی لە خاکا خەوتوو
مزگێنیی سەرهەڵدانە
***
بە لێزمە دێتە خوارێ
چەن خۆشە خرمەخرمی
هەور دەدا برووسکە
پێم خۆشە گرمەگرمی



ئەمین گەردیگلانی

# دایک و کۆڕ بەم جۆرە دەدوێن

ڕۆژێک پێی گوتم دایکی مهرەبان      دەرس بخوێنم قەت نەدەم وچان
پێی گوتم ڕۆڵە دەستم بە دامان      تێ بکۆشە بۆ گەل لەرێی نیشتیمان
پشتی تێمەکە لە خوێندن و وانە      ئەو دێتە فریات ڕۆژی تەنگانە
کە چوویە مەکتەب فێر بە زانیاری      دەبین ماموستا لە دێ لە شاری
منداڵان بەپۆل بە چەپلە ڕێزان      لەتۆ فێردەبن بڕوانن لە ژیان
بۆیە پێت دەڵیم ڕوحەکەم کاکە      دەبێ بخوێنی گەلت هیلاکە
بە هەست و بە بیر زۆر بە هوشیاری      زوو لێی تێدەگەی زوڵمو زۆر داری

## جوابی کوڕ بۆ دایکی

بە قەولت دەکەم دایکی مێهرەبان      هەر چی تۆ بڵێی وا دەکەم لە ژیان
ئەوەی پێت گوتم دە یفەمە سەر چاو      بۆمن سێبەری هەتووان و هەتاو
لە بیری ناکەم هەر هەمووت وایە      قسەت خۆراکو وشەت چرایە
مەرگت نەبینم، قەت، مەرگت ، دایە      دەرناچم لە قسەت هە تا هەتایە
بم بە قوربانت دایکی نازدارم ،      هەتا کوو دەمرم پێت قەرزدارم
بژی هەر بژی تا ماوی لە ژین      بە تۆوە جوانە خۆشی دنیاو دین

**ئاوێزان بامرادی**



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین



## باوکو کوڕ ١

باوک: ڕۆڵە لەگەڵ چێشتەکەت کەرەوزیش بخۆ، ئاسنی تێدایەو باشە.

کوڕ: باوکەگیان تازە ئاوم خواردۆتەوە، دەترسم ژەنگ هەڵێنێ!

## باوکو کوڕ ٢

باوک: ئەرێ کوڕم فێر بووی چیدیکە لەجیاتی بەڵێ نەڵێی «ئا»؟!

کوڕ: ئا... ئا ئەدی چۆن فێر نەبووم؟!

## باوکو کوڕ ٣

لە منداڵێک دەپرسن بۆ ئەو ڕۆژانەی باران ناباریێ تۆ چەترت پێیە؟

منداڵ: ئاخر ئەو ڕۆژانەی باران دەبارێ چەترەکە لەلای باوکمە.

## باوکو کوڕ ٤

لە منداڵێک دەپرسن ئەگەر بەیانییەک لە خەو هەستای‌و دیتت گیرفانت دوو ٢٥هەزاری تێدایە چی دەکەی؟

دەڵێ وەڵڵا من هیچ ناکەم، بەڵام دەزانم باوکم هاوار دەکاو دەڵێ وەرە هەی گێلە، ئەوە دیسان کراسەکەی منت لەبەر کردوە؟

# ڤیتامین چییە؟

ڤیتامین پێکهاتوویەکی ئەندامییە کە یارمەتیی ڕوودانی زیندەکارلێکەکان لە لەشی زیندەوەردا دەدا، واتە ڤیتامین پێکهاتوویەکی پێویستە بۆ ڕوودانی ئەو کارلێکانەی کە یارمەتی زیندوو بوونو مانەوەی زەیندەوەر لە ژیاندا دەدەن، ئەویش بە بەشداری کردنیان بە ڕێژەی پێویست لە دروست کردنی خۆراکدا.

**جۆرەکانی ڤیتامین**

**ڤیتامین دوو جۆری هەیە:**




١- ئەو ڤیتامینانەی کە لە ئاو دا دەتوێنەوە کە ئەمانەن:

**ڤیتامین c**

**ڤیتامین B**

٢- ئەو ڤیتامینانەی کە لە چەوری دا دەتوێنەوە کە بریتین لە:

**ڤیتامین E**

**ڤیتامین K**

**ڤیتامین D**

**ڤیتامین A**

کەمیی تەنیا یەک جۆری ڤیتامین دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی لەشو مەترسی لەسەر لەش بە گشتی دادەنێ، بۆیە خواردنی خۆراکی هەمەچەشنو پڕ ڤیتامین لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستە.

ڤیتامینەکان یارمەتی شیبوونەوەو دروستبوونەوەی چەوریو کاربۆهایدراتو هەندێکی دیکەیان یارمەتی دووبارە مژینەوەی خۆراک لە ڕیخۆڵەکاندا دەدەن. هەندێکی دیکەشیان یارمەتی دروستبوونی خانەی نوێ لە لەش دا دەدەن.

لە ژمارەکانی داهاتوودا لە سەر هەر کام لە ڤیتامینەکانو کارکردنیان لە لەشدا کۆمەلیک زانیاری دەخەینە بەر باس.

هانا وریا

# ماسییە تەنیاکەو کچە جوانەکە

ڕۆژێک لە ڕۆژان ماسییەکی چکۆلەو خوێن شیرین لەناو چۆمێکدا دەژیا.
ئەو ماسییە هیچ هاوڕێیەکی نەبوو ، چونکی هەموو ئەو کەسانەی دەیناسی لەو گەورەتر بوونو دایمە خەریکی کاروباری خۆیان بوون، هەر بۆیەش ماسییەکە هەموو کاتێک بەتەنیا دەمایەوە.
یەکێک لەو ڕۆژانەی ماسییەکە تاقەتی بەسەر چووبوو، بیری کردەوەو بڕیاری دا کە بڕوا بۆ سەرەوەی چۆمەکەو لەوێوە چاو لە دەرەوەی ئاوەکە بکا.
ماسییەکە دەستی کرد بەمەلە کردنو دوای ماوەیەک گەیشتە سەرەوەی



ئاوەکەو لە خۆشییان دەستی کرد بە هەڵبەزو دابەزو کایە کردن، بەڵام زۆر زوو زانی لەویش کەس ناناسیو بریاری دا کە دووبارە بەرەو ماڵێ بگەرێتەوە....

لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی کەسێک بوو کە هەرای دەکرد: ماسیێ جوانەکە! بۆ کوێ دەچی؟ وەرە با کایە بکەین....

ماسییەکە ئاوری داوە دیتی کچێکی چکۆلەیە لە قەراغ چۆمەکە دانیشتووەو لاقی خستۆتە نێو چۆمەکەو بەدەستیش کایە بە ئاوەکە دەکا.

گەڕاوە بۆلای کچەکەو گوتی: ئەتۆ بووی بانگی منت کرد؟

- بەڵێ من بووم، پێم خۆش بوو لەگەڵ یەکتر ببینە هاوڕێو کایە بکەین.

ماسیێ چکۆلەکە زۆری پێ خۆش بوو گوتی: دەی باشە منیش زۆر وەرەزم و پێم خۆشە کەسێک بێ کایەی لەگەڵ بکەم، وەرە با پێکەوە بچینە قووڵایی چۆمەکەو پێکەوە بە بەردەکان بازەڵێن بکەین.

کچەکە بەدەنگێکی بەرزەوە پێکەنیو گوتی: خۆ ئەمن ناتوانم لەنێو ئاودا بژیم، لەوانەیە زۆر زوو بخنکێم.

ماسییەکە بە پەرۆشەوە گوتی: جا خۆ منیش ناتوانم لە ئاو بێمە دەرێو کایەت لەگەڵ بکەم، کەوایە هاوڕێیەتی منو تۆ بێ سەمەرە.

ماسییەکەو کچەکە هەردووکیان خەمبار لەوەی کە هیچیان ناتوانن بچن بۆلای یەکتر هەر یەکەی بەلایەک دا بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە.

ڕۆژی دوایی ماسییەکە بەرەو سەرەوەی چۆمەکە مەلەی کردو کاتێک کەمێکی کایە کرد دیتی کە کچە چکۆلەکە بە تونگەیەکی شوشەوە بەرەو لای چۆمەکە دێ لە دوورەوە هەرا دەکا: ماسیێ جوانەکە! مزگێنیم دەیە

ماسییەکە گوتی: چی بووە؟ بۆ ئاوا دڵخۆشی؟

کچەکە لە قەراغ ئاوکە دانیشتو تونگە شوشەکەی نیشان ماسییەکە داو گوتی: ئەوە ئەوم هێناوە پڕی کەم لە ئاوو دوایەش تۆ بچی نێو ئەو تونگەیەو بتبەمەوە بۆ ماڵێو بۆ هەمیشە لەلای یەک بین.

ماسییەکە کە ئەوەی بیست زۆری پێ

خۆش بوو، بۆیە گوتی: باشەو پاشان چووە نێو تونگەکەو هەردووکیان بەرەو ماڵی کچە چکۆلەکە کەوتنە ڕێ.
لەو ڕۆژەوە ماسییەکەو کچەکە زۆر بە خۆشییەوە هەموو ڕۆژێ کایەیان دەکردو تا ماوەیەک زۆر دڵخۆش بوون، بەڵام ماسییە چکۆلەکە زۆر زوو هەستی بەوە کرد ئەو تونگەیە زۆر چکۆلەیەو ئەو بە ئاسانی ناتوانێ لەو تونگەیە دا مەلە بکا؛ بەڵام لە هەمان کات دا پێی خۆش بوو لەلای کچەکە بمێنێتەوەو هەموو ڕۆژێ کایەی لەگەڵ بکا.
کچەکەش هەستی بەوە کردبوو هاوڕێکەی وەک ڕۆژانی یەکەم نەماوەو کەمێک خەمبار دیارە، لێی پرسی: بۆچی وا خەمبارو پەشۆکاوی؟ ماسییەکە لەپێشدا نەیدەویست بڵێ پێی خۆشە بچێتەوە نێو چۆمەکە، بەڵام دوای ئەوەی کەمێکی مینگەمینگ کرد گوتی: بیری ئاوە زۆرەکەی چۆمی کردوەو دەیەوێ بچێتەوە بۆ ئەوێ چونکە ئەو تونگەیە زۆر چکۆلەیەو مەلە کردنی تێدا زۆر ناخۆشە.
هەر بۆیە کچەکەو ماسییەکە بیریان کردەوەو فکرێکی باش بە مێشکی کچەکە داهاتو بێ ئەوەی هیچ بڵێ دەستی دا تونگەکەو بەرەو لای چۆمەکە وەرێ کەوتو لەوێ ماسییەکەی خستەوە نێو ئاوەکەو گوتی: ها هاوڕێ جوانەکەم من هەر دڵخۆشیی تۆم دەوێ، ئەگەر تۆ دڵخۆش نەبی منیش خۆشحاڵ نابم، بۆیە تۆم هێنایەوە بۆ ئێرە، بەڵام دەبێ تۆش بەڵێنم پێ بدەی هەرکاتێک من بیری تۆم کرد، بێی بۆ ئێرەو بێیە نێو تونگەکەو کایەم لەگەڵ بکەی دوایەش من تۆ دەبەمەوە نێو چۆمەکە.
لەو ڕۆژەوە کچەکە هەر کاتێک پێ خۆش بوو دەرۆیشت بۆلای چۆمەکەو ماسییەکەش دەچووە نێو تونگەکەو لەوێ دەستیان دەکرد بە کایە کردن تا وەڕەز دەبوون.
ئەوان بەمجۆرە ساڵانێکی زۆر هاوڕێی یەکتری بوون....

نەسرین یوسفزادە

# فێرگەی نەققاشی



# قوتابخانەی چڵەشەمچەکان

لە قوتابخانەی گوڵاندا چەند چڵەشەمچە دەرسیان دەخوێند. چڵەشەمچەیەک ناوی خەواڵوو بوو، ئەو لە دەرس خوێندنو کلاس بێزار بوو. خەواڵوو هەمیشە درەنگ دەگەیشتە کلاس. زۆر پیسو چڵکن و شپرزە بوو. قەت بۆ دەرس خوێندن خۆی ماندوو نەدەکرد. خەواڵوو هەمیشەو دایم لە کۆڵان خەریکی یاری کردن بوو. وردە وردە کاتی ئیمتحان هات. ناوی چڵەشەمچەکانی دیکە بۆنخۆش، رووخۆش، دەنگخۆش و چاوگەش بوو. ئەوان هەموویان نمرەی چاکیان لە ئیمتحان وەرگرت. بەڵام نمرەکەی خەواڵوو زۆر کەم بوو. خەواڵوو کە ناڕەحەت بوو، پەشیمان ببۆوە، دەیگوت بریا سەد بریا لە جیاتی ئەو هەمووە کایەیە دەرسم خوێندبا.

وردە وردە دڵی پڕ بوو، دەستی کرد بە گریان. هاوڕێکانی هاتنە لای و گوتیان، خەواڵوو ئەوە بۆ دەگری؟

خەواڵوو گوتی لە ئیمتحان دەرنەچووم و نمرەی کەمم وەرگرتوە.

دەنگخۆش گوتی خۆ نابێ بگری، دەبێ بەرنامەیەکی وا داڕێژی کە هەم دەرسەکانت بخوێنیو هەم کایەش بکەی.

رووخۆش گوتی ئێمە هەموومان یارمەتیت دەدەین هەرچییەکت نەزانی پێت دەڵێین.

دوو مانگ گوزەرا.

خەواڵوو وەک جاران نەمابوو. خاوێنو بۆنخۆش بوو. لە رووی بەرنامە دەرسی دەخوێندو کایەشی دەکرد. رۆژێک مامۆستاکەیان دەستی بە سەردا داهێناو گوتی: کورم زۆرم پێخۆشە ئاوا زیرەکی. رووی لە چڵەشەمچەکانی دیکە کردو گوتی منداڵینە ئەمڕۆ دیاریم بۆ خەواڵوو هێناوە. دوایە مامۆستا دیارییەکەی دا بە خەواڵوو.

منداڵەکان چەپڵەیەکیان بۆ لێدا. خەواڵوو لە خۆشییان هەر بزەی دەهاتێ. هەستا سەرپێو سپاسی مامۆستاو هاوڕێکانی کرد.

تینا شەفیعی ( بۆکان)



شیلا ناسر



بیتا پڕکاڵ



کارزان ئەفشین



سەهەند سولەیمانپوور



نارین کەنکاش



شەکیلا حوسێنی



سارینا قادری



کاروان هەیکەلی




سۆلاڤ قادری

دنیای منداڵان
ژمارە ١٣٩- ژانویەی ٢٠١٤



نیگار



ئایدین ئەحمەدی



نیگا گیان ساڵرۆژی لە دایکبوونت پیرۆز بێ



کنار



یاد و سام گەردی



رووبار محەممەدی



سۆما



ڤیان پیرۆتی

